# گوێ بگرە عەبدول سەمیع , دایەن دزراوە یان ...؟

(گەر ڕوناکیت دەوێت , خۆت والێ بکە شیاوی ڕوناکی بیت...جەلالەدینی ڕومی )

**کازیوە سالّح**
k.saleh@hotmailcom.

پێم سەیر نەبوو , کەسێك لە ڕوو خۆی بە هاوڕێ و دۆست بزانێت و لە پشتەوە خەنجەرت لێ بدات . ئێمە لەو سەردەمەوە بەو شێوازە نامرۆییە نێو ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی ڕاهاتووین , کە دەسەلاّتداران قوتی ژیانیان بە ووشە دا بە نووسەران و نووسەرانیش لە پێناوی ژیاندا نەك هەر پێنووسەکەیان فرۆشت بەڵکو تەنها بە چەند بوتلّێك عەرەقی فەل سواری ئۆتۆمبیلیان دەکردن و بە نێو شاردا دەیانگەڕاندن بۆ ئەوەی جنێو بە لایەنی شەڕکەری خۆیان بدەن , یان تەنانەت خۆیان بابەتیان دەنووسی بە چەند دینارێك ناوی نووسەریەکیان دەخستە سەری و لە سەر نەیارێکی خۆیان بلاّویاندەکردەوە , بە تاییەت دژی ژنان ئەمە هەر زۆر باو بوو , ئێستاش هەر باوە .جا کە ئەلّێم دەسەلاّتدار لەم دیاردەیەدا دوو جۆر دەسەلاّتدار هەبوون و هەن , یەکێکیان دەسەلاّتی سیاسی و ئەوی دییان دەسەلاّتی ڕۆشنبیری . واتە سیاسیەك بە پێی ئەو بڕە پارەی تەرخانی دەکرد , هەندێ جار ئەو کارانەی بە ناوی نووسەرێکی دیاری ناوەندەکە دەکرد , هەندێ جاریش بە ناوی نووسەرێکی تازە پێەگەشتووەوە , دەسەلاّتە ڕۆشنبیریکەش هەندێك لەو نووسەرانە بوون کە ناوێکی دیاریان هەبوو ,یان دەسەلاّتیەکی ڕۆشنبیریان لە دەزگاکاندا هەبوو , ئەمانیش ئالوودە هەمان دەرد بووبوون , هەمان کرداری سیاسیەکانیان لە گەلّ نووسەرانی تازە پێگەشتوو , تازە دەست پێکردوو دووبارە دەکردەوە . بۆیە من بە هیچ دیاردەیەکی نێو ئەم ناوەندە ناحەپەسێم ,چونکە هەرچییەك بن لەو ئاستانە نزمتر نین کە باسم کردوون .بەلاّم لە ڕاستیدا بەوە حەپەسام کەسێك لە گەلّ ئەوەی بە ناوێکی خوازراوەوە جۆرەها کرداری ناشیرین بە نامە و نووسین بگەیەنێت و تۆی لە سەر نووسراویش ناوی ئاشکرا نەکەیت و بە چەند ڕەمز و تەنانەت بە نامەش ئاگاداری بکەیتەوە کە دەزانیت کێ یە , بەلاّم لە بری ئەوەی یان هەلّەکەی ڕاست بکاتەوە , یان بێ دەنگی لێ بکات , بە پێچەوانەوە هەلّوێستەکەی چەند ناشیرین و نەشیاوە ,هێندەی دی قورس و ناشیرنی بکات , ئەو ماستەیان نەك موو گوریسیەکیشی تێدایە ...

کاك (ف) جارێکی دی بە ناوی سەلامی حەمە ڕەشەوە دەنووسێت , دایەن دزراوە بە (نوکتە و فاریزەوە) ,مەبەستی خالّ و کۆما و,( مەبەستی نوکتە واتە قۆشمە نیە )من لەوە ناپرسم کاتێك کەسێك هێندە متمانەی بەو مەسەلەیە دەبێت پێویستە خالّ و وێردەکان بخاتە بەردەست کە کامانەن , گەرچی لە وەرگێڕاندا ئاساین , کەسمان لە ئازایەتی خۆمان خالّ و وێردمان بۆ ڕەستەکان دانەناوە و خۆیان بەو شێوەیە دەستیان پێ کردووەو کۆتایی هاتوون , ئێمەش وەرمانگێراوە و لە شوێنی گوونجاوی خۆیدا بە پێی هەناسەکانی نووسەر لە نووسینەکەدا داماناوەتەوە .

لەوەش ناپرسم , گەر ئەوەی کە دەلّێت کازیوە خۆی دەستەی دامەزرێنەری گەلاوێژ بووە , بۆ مەسەلەیەکی مێژووی و مرۆیی ئەو پرسیارەت لێ بکرایە ئەو ڕاستیەت دەدرکاند یا نا ؟ بێ گوومان پێت دەلّێم نەخێر نەدەکرد , چونکە پێشتر زۆر هەلّویستی وا هەبووە نەك باستان لێوە نەکردووە , بەلّکو خۆشتان شەرمەزار دەکەن گەر دان بەو ڕاستیەدا نەنێن هەمیشە هەموو چالاکیەکی من سەرکووت نەکراو ە , کە خۆشبەختانە ئێستا هەندێ لاو هاتوونەتە پێشێ لەو ڕاستیانە دەدوێن .

تۆ پێت وایە دەتوانیت بەو قسانەت خۆلّ بکەیتە چاوی خوێنەرێکی دەرەوە کە ئاگای لە کوردستان نەبووە , دەنا خوێنەرێکی ناو کوردستان زۆر چاك دەزانێت من لە گەلّ دامەزراندنی گەلاوێژدا هەر کە زانیم دەزگایەکی سەربەخۆ نابێت , بەر لەوەی تەنانەت خانووش بۆ بنکە بیگیرێت وئەو دامەزراندنە جیگیر بکرێت وازم هێنا و بە هیچ شێوەیەك نە ئاگام لە کاروباریان بووە و نە هیچ پەیوەندیەکی تەنانەت دۆستانە و هاوڕییانەشم لە گەلّ ئەو دەزگایەدا هەبووە . هەر لە

سەرەتاشەوە لە سەر ئەو مەسەلەیە هەڵوێستی نەرێ یان وەرگرت (من نامەوێ لەوانە بدوێم لێرەدا)تەنها کتێبێکیش چیە بە دیاری لەو بنکەیەوە بە من نەگەشتوە مەگەر نووسەرێك خۆی کتێبەکەی خۆی بە دیاری بۆ ناردبم , نەمزانیوو چی چاپ دەکەن و بۆ کێ چاپ دەکەن و هەتا ئێستاش و لە داهاتووشدا پێویستم پێ نابێت بزانم .هۆیەکانیش هەڵدەگرم بۆ خۆم , لێرەدا باسی ناکەم .

دیارە گەر وەکو تۆ هەتا ئەو رۆژەی کوردستانم بە جێ هێشت کارم بۆ بکردنایە ئاگادار بووم . بۆ زانیاریشت بەرگی ئەو کتێبانەی کە لە بڵاوکراوەکاندا بڵاوکراوەتەوە وجەنابت گوایە بە بەڵگە بە خوێنەری دەفرۆشیتەوە , لەو کتێبانە من تەنها (سەما , فەرهەنگی خەم ,بەناوی ژیانەوە .ئەریك فرۆم ) م هەیە و ئەوانی دیم نەبینیوە .هەر سێکیشیان لە بەرگی گۆڤاری نڤاردا بڵاومکردوەتەوە .

لەوانە سەیر تر پێم دەڵێیت برادەرێك پێشکەشی کردووە , وە برادەرێك لە کتبخانەکەیدا بینیوێتی .بەر لە راپەرین ڕستەی قسەی ژنانی سەر تەنوورم زۆر بەر گوێ دەکەوت کە بەکار دەهێنرا , پاش راپەرین و هۆشیار بوونەوەی ژنان لە زۆر روەوە ئەو ڕستەی نابیستم , بەڵام لەم سەردەمەدا هەندێ پیاو ماڵپەڕەکانیان کردوە بە سەر تەنوور .ئەو برادەرە کێیە ئەو کتێبەی بە من پێشکەش کردوە ؟ ئەی ئەوە کێیە کە کتێبخانەی منی بینیوە؟ بۆ زانیاریت کتبخانەی من لە سلێمانی جگە لە ئەحلام مەنسوور هیچ مرۆڤێك شەرەفی ئەوەم پێ نەبریوە بچێتە ئەو ژوورە بۆ کتێبم تەرخان کردبوو , وە بیان بینیت , ئەحلام مەنسووریش نووسەری درۆ سەر تەنووریش نیە . لێرەش من کتبخانەم نیە , بەڵکو چەند کتێبێکی کەمم هەیە , جگە لە ژنەکەی تۆ , ئەو کاتانەی لە گەڵ هاوژوورەکانیدا دەبوو بە شەڕی من دەرگای خۆمم بۆ واڵا دەکرد لە ماڵی من دەژیا هەتا خانووی پەیدا دەکرد , هەموو شتێك وەکو ماڵی خۆی لە بەردەستدا بووە و بینیوێتی هیچ کەس ئەو برە کتێبەی ئێرەمی نەبینیوە ( کە خوازیارم ئەو تووشی ئەم راوە ڕیوی درۆیەی نەکردبێت...لێرەدا نامەوێ لەوە زیاتر لەم ڕووەوە بڵێم گەر ناچار نەکرێم ) چونکە نەك هەر ئەو کتبەم نە لێرەو نە لەوێ نیە , بەڵکو ئەو کتێبانەی کە هەمن لە بەرگی هەردوو بڵاوکراوەی نوێکار و نڤاردا بڵاوکراونەتەوە و ئەو سێ کتێبەش کە ناوم هێناوون لەو بڵاوکراوانەدا وینەو ناویان بڵاوکراوەتەوە .کەواتە من بۆ قسەکەم بەڵگەم هەیە , لەو جۆرە بەڵگانەی پەتی درۆ چەند کورتە کورتر دەکاتەوە .

دەزانیت من لە گەڵ ئەوەی سەد دەر سەد دەمزانی کە ئەو کتێبەم نەبینیوە و نیە , لە گەڵ ئەوەشدا بە هەموو بەرگی هەردوو گۆڤارەکەم نڤار و نوێکاردا چوومەوە , بۆ ئەوەی جارێکی دی سەرجەم ئەو کتێبانەم وەبیر بێتەوە کە لە کتبخانەکەی سلێمانیمدا هەبووە , نەوەك بیرم چووبێت من رۆژێ لە رۆژان ئەو کتیبەم بینیبێت و تەنها لە گەڵ خۆمدا تووشی درۆ ببم ...

بەڕاست درۆ هێندە ئاسانە کە تۆ ئەوانەت دەربارەی ئەو کتێبە گووتوە ؟

دەگەڕێمەوە سەر ووشەی ئەدەب و بە ئەدەب بوونەکەت و پێت دەڵێم بە ڕاستی چەند بە ئەدەبیت , بەڵام وەکو تۆ بە درۆ نا بە بەڵگە .

یەکەم تۆ لەو نووسینەکانتدا دەمکەیت بە دز , خاوەن نووسین و زمانی کرچ و کاڵ , پەلە نەکەم و کاری خەڵك نەکەم بە هی خۆم ...تد , وەکو ئەوەی یەکم کەوتبێت گەر وەرگێڕانی نووسینی خەڵکی دی نەبێت منیش پێنووسەکەم شکا بێت و هیچم پێ نەنووسرێت , بۆیە زۆرم پەلە بێت بۆ وەرگێڕان ... لەوەش بە ئەدەب تر ئەو نامە جوانانەتە :

سڵاو خوشکی بەڕێز کازیوە خان ,ئەو چیرۆکەی ئێوە لە دەنگەکان بڵاوتان کردووەتەوە , کە ئیوە تەرجەمەتان کردووە , بەڵام چیرۆکەکە دزراوە , نازانم ئیوە ئاگادارن یان نا ,بۆیە پێم خۆش بوو ئاگادارت بکەم.
بچۆرە کوردستان پۆست ( دایەن لە نێوان کازیوە سالح و ئەورەحمانی حاجی مارفدا ) ئەوە چیرۆکی مامە حاجیە ,بۆیە ئاگاداری خۆت بە بە ئارەزوو وات کردووە دەبێت داوای لێبووردن بکەیت .
وا ناچارم پێت بڵێم (دزیشی)

**سەلام حەمە ڕەش**

**بابەتەکەشی لە گەڵدا بە پی دی ئێف بۆ ناردووم , وەکو لە ئەتاچمینتەکدا دەیبینن فایلەکەی بە ناوی( Kazewa)**

| kazewas@hotmail.com | Free Newsletters |
|---|---|

Reply | Reply All | Forward | Delete | Junk | Put in Folder | Print View | Save Address

From : ali sab <iloveyou_sab@hotmail.com>
Sent : November 15, 2005 5:11:01 PM
To : kazewas@hotmail.com

Inbox

Attachment : (0.03 MB)kazewa.pdf

```
slaw xoshki barez kazewa xan, awa cherokiky ewa la dangakan blaw krawatawa ka
ewa tarjomatan krdwa, balam cherokaka dzrawa, nazanm ewa agadrn ean na. bwea
pem xosh bo agadrt bkam.
bchora kurdstan post, ( daean la new kazewa salh u abdul rahmani haji marfda
) awa cherki mama
hajema.boea agar xot ba arazoo wat krdwa dabet dawai ly burdn bkaet.
wa najarm pet blem ( awa dzeshi )


salam hama rash
```

**ئەدی ئەوە لووتکەی ئەدەب نیە ئەو نامەیت پیٚ نووسیوە چیە؟ من پێم وانیە خەڵکێك بە ناوی ساختە خیانەت لە هاوڕێەکانی بکات ئەدەبی لەوە زیاتر بێت . سەیر لەوەدایە گەرچی شوناسی خۆی دەشارێتەوە و خۆی بە خوێنەرێکی جدی دەناسێنێت , بەڵام پرسیارێك سەبارەت بە بەڕێزان ماڵپەڕی دەنگەکان وروژاندوە جێگەی پێکەنینە .لە من دەپرسێت کە من ئاگادارم یان بە ناوی منەوە ئەوە کراوە ؟ ئەوە کیٚ یە ؟ دەنگەکان یان مرۆڤێکی دی دەچێت بابەتێك دەهێنێت , تایبی دەکات و بڵاوی دەکاتەوە بە ناوی نووسەرێکەوە ؟ وابزانم کەس ئەوە ناکات و خوازیارم تۆش لە داهاتوودا ئەو ئاکارەش نەکەیت بە باو وەکو ئەم ساختە کاریەی ئێستات . وە دەنگەکانیش یەکێکە لەو ماڵپەرە جدییانەی کە هەوڵی داوە ببێت بە سەکۆی خڕبوونەوەی زۆرترین دەنگی جدی و قەڵەمی بە بڕشت بە تایبەت قەڵەمی ئەو لاوانەی کە بە قوڵی بیر دەکەنەوە و توانیویانە سەبارەت بە کێشە هەنووکەیان پرس بورۆژێنن و دەنگیان هەبێت , دەنگەکانیش توانیوتی لە ڕێگەی خۆییەوە لە کوردستانەوە بە ئێمەیان گریٚ بداتەوە و بزانین لەویٚ چی دەگوزرێت , نەك جنێو سوکایەتی و ساختە . بۆیە من زۆر ساکار وەرم گرت کاتێك وەڵامەکەی منیشی بڵاو نەکردەوە و بگرە زۆریش سوپاسم کرد , کە ئەو پرنسیپە جوانە لای خوییەوە پراکتیك دەکات و دەیەویٚ لەو بابەتانە دوور بێت کە خزمەت بە هیچ ناوەندێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسی کوردی ناگەیەنێت .لێرەشەوە دەست خوشیان لیٚ دەکەم و خوازیارم لە داهاتوودا جدیتریش پیٚ لە سەر ئەو مەسەلەیە دابگرن و بە تایبەت هیچ بابەتێك بە بیٚ ناوی ڕاستەقینەی کەسەکە و وێنەی خۆی بڵاونەکەنەوە , مەگەر ئەو بابەتانەی کە مەترسی**

**گیانی بۆ نووسەرەکە هەیە .بەڵام با بزانین تۆی زۆر بە رێز چەند بە ئەدەبەوە بەرخود لە گەڵ ئەوانیش دەکەیت لە نامەکەتدا بۆ ئەوانیش نووسیوتە :**

**بە ڕاستی شەرمە بۆ ئێوە ئەو چیرۆکەتان بڵاوکردوەتەوە بە بێ ئەوەی کەستان ئاگادار بن .**
**دوا جاریش**
**ڕەخنە قبوڵ ناکەن , وەك برادەرێك گووتی کەوتوونەتە داوی جوانی کازیوە خان , پیرۆزتان بێت**
**ئەوە بابەتەکە لە کوردستان پۆست , بڵاوی کردەوە .بەڵام ئێوە خۆتان لێ گێل کرد .**
**وەڵلا عەیبە یەع, یەع لەو سایتە کە ئێوە هەتانە , تف تف ,سەد هەزار جار تف.**

From: ali sab <iloveyou_sab@hotmail.com>
To: dangakan@yahoo.ca, goran@dengekan.com
Subject: slaw
Sent: November 15, 2005 10:01:49 PM

barasti sharma bo ewa cherokiktan blaw krdwtawa babai away kastan agadar bn.
dwa jaresh
raxna qbul nakan, wak bradarek goty kotonata dway jwani kazewa xan.peroztan bet

awa babata kurdistan post , blawi krdawa.balam ewa xotan ly gel krd.
walla aeba ea3 , ea3 law saeta ka ewa hatana . tf tf , sad hazar jar tf.

**ئەمەیان نموونەی رەوشت و ئەدەبی ڕاستەقینەی لێ دەبارێ , چونکە ئەم بە ئەدەبە جگە لەوەی لیرەش ووشەی برادەرێکی بە کارهێناوە , بە رستەی " کەوتوونەتە داوی جوانی کازیوە خان " هەر تەنها ئەوەی نەویستوە کە بە عەقڵی ژەنگاوی خۆی گەر شتێکی وای گووت لە بەر ئەوەی کاك گۆرانی بەڕیوەبەری دەنگەکان لە گەڵ هاوسەرەکەی شلێر خان کارەکان ئە نجام دەدەن , ئەوە هۆشیاری ئەوان هێندە ی بیری ئەم نووسەرە ساختە تەسکە و لێیان دەبێت بە شەڕ و ئاژاوە و لە لایەك دەنگەکان تووشی شەلەل دەبیت (کە دەکرێ ئەمە خواستی هەندێك بێت) لە لایەکیش کازیوەی لێ دوور دەکەوێتەوە , ئەوانیش وەکو دوژمن سەیری یەك دەکەن (ئەمەش خواستی هەندێکی دییە).**

**لە ڕوویەکی دیشەوە دەری دەخات کە پەروەردەی کام عەقڵی ژەنگ گرتووی سیاسیە , کازیوەش ئەو عەقڵە ژەنگرتوانەی ئەو کاتانە بۆ دەرکەوتوون کە  کە هەر ڕۆژنامە و بڵاوکراوەیەك بابەتێکی منی بڵاوکردبایەتەوە یان خۆم و بەرهەمێکمیان بە سەر کردبایەتەوە کۆمەڵێ وەکو ئێوە کە پەروەردە دەستی ئەو دەسەڵاتدارانە بوون  ئەتکی کەرامەت و پێنووسی خەڵکیان دەکرد , دەناردە لایان , هەر هەمان ئەو ووتەی تویان پێ دەگووتنەوە بە سیستمی بەعس ئاسا بەرحوردیان دەکرد , خۆشت نە ئەوان یەکەم کەس و نە یەکەم جاریشتە ئەم ڕستەیە بڵێتەوە بە خەڵك و بە بڵاوکراوەکان ...بەڵام بەرێز و بە ئەدەب ,  کێ دەڵێت تۆ کازیوە بە جوان دەزانیت , ئەوانیش بە جوانی دەزانن ؟ خۆ جوانی نسبیە و پەیوەندی بە ڕای کەسەکانەوە هەیە .**

**بە پێی ئەو حوکمەی بە سەر ئەوانیدا دەدەیت پێ دەچێت بیرو باوەڕت بەرانبەر ژنان تەنها لەو بۆچووندا لاواز نەبێت کە تەنها وەکو ژن یان مێیەتیەکەیان دەبینیت , نەك مرۆڤایەتی و بیرو راو توانایان ,بەڵکو بیرو باوەڕ و ڕیبازیشت دەخەیتە ئەو پێناوە و دەنا چۆن دەتوانیت بێ شەرمانە قسەیەکی وایان پێ بڵێت ...تۆ بڵێت شلێر خانیش عاشقی**

هاوڕەگەزەکەی خۆی بوو‌بێت ؟خۆ شەرمە مرۆڤ یەع و تف کردنی کەسێك لێك بداتەوە , چونکە بە بێ لێکدانەوە خۆی پێناسی خۆی دەکات کێشی خۆی دەگەیەنێت .

ئەم نووسەرە زۆر بەڕێزە بە چەند شێوەیەکی دی هەوڵ دەدات سۆزی خۆینەر بە لای خۆیدا رابکیشیت , پاش هەنسك و کرۆزانەوە دەڵی من کەی گووتوومە ئەدەبی ژن و پیاو...بە کورتی دەیەوێ بڵێت کەی وەکو ژن لەو مەسەلە دواوم , بەڵام من ئەو رستانەم بۆیە بە کارهێناوە چونکە ڕستەی خۆتن و چەندین جار کردووتن و دووبارەت کردوونەتەوە , لە بەریوەبەرێتی رۆشنبیری سلێمانی و لە پشت هەر کارێکی سەرکەوتووشەوە ئەم رستەیانت لە چاخانەی شەعب بە کارهێنابوو (ئەمە ما وراء کوالیسی هەیە)ئەمە باوەڕی تۆ بووە بە توانای ژن , زۆر شتی دیش . بەڵام من بۆیە ئەو ڕستانەتم بە کارهێنابوو کە ڕاستەو خۆ لیّم بیستوویت بۆ ئەوەی هێندەی دی خۆت خەجاڵەت نەکەیت و گەر بە نامەکەش ئاگادار نەبوویتەوە بەو ڕستانەدا بزانیت دەتناسم و پێویست بە نواندن ناکات .

گوناهیش غروری ئەو کەسانەیە کە وادەزانن ئاگایان لە هەموو شتێکەو , کاتێکیش هەڵویستێك هاتە ڕوو ئاگای لە دنیا نیە . ئەو لاوازییەی کە پێی وایە پێویستە هەرچی لەووشەی کەڵەکە کراوی کوردی هەیە لە دوو تۆی کتێبەکاندا خۆێندبێتەوە , ئەوجا رۆشنبیریت . ئەو لاوازییەی پێ وایە گەر لە دەرەوەی وولاتی خۆت بوویت و بە خوێنەری خۆت بڵێت ئاگادارم کەرەوە لە هەندێ بابەت , ئەوە ئەو ژنە نارۆشنبیر و نەخوێندەوارە و ئەوی پیاو کە ئاگاداریەکانی نیوی ئەو نیە رۆشنبیری عەیارە بیست و چوارە ...ئەو لاوازییەی کە باسی سێ پیاو دەکەن ئەو چیرۆکەی وەرگێڕاوە , بە کەسیان ناڵێن دز و جەردە و لە کەسی وەرگرتوە و بە ژنەکە دەڵێن ...ئەو لاوازییەی گەر پێی بڵێت چەند بەرهەمی چیخۆف وەرگیردراوە ئاگای لێ نیە و نازانیت , بەڵام وەکو کەڵەشێر دەقوقێنێ بە سەر نووسەرێکدا کە بە تەوازوعەوە لە هەندێکی بپرسێت ...ئەرێ بە ڕاست ئێوە ئەم نازە بە سەر کێدا دەکەن ؟ خۆ من گەر نەخوێندەوار و نەزانن و لە پەراسوی چەپی شەیتان و زەعیفەش بم , بەرهەم و کارو چالاکیم لە بەرزی بالای ئیوە زیاترە نەك کارەکانتان ئیتر پیاوە بچووکەکانی رایش بۆ هەندێك حورمەتی خۆتان ناگرن بە ئەدەبەوە بێنە ڕوو رەخنەە بگرن نەك چەقۆ بوەشێنن .

ئەم بەڕێزە هیندە حورمەتی خەڵك بە هەند وەرناگرێت , دەڵێ من بۆیە وێنەی خۆم بڵاو ناکەمەوە چونکە پیرم و قۆزیش نیم . ئەمە جگە لە دواکەوتویەتی فکر کە وادەزانیت ئەوانەی وێنەی خۆیان بڵاو کردوەتەوە , لە بەر ئەوەیە کە قۆزن و ئاگای لەوە نیە کە ئەوە پرەنسیپێکی ئەدەبی و رۆناکبیریە , بەڵکو هەستی رۆناکبیران و هونەرمەندانی بە ساڵا چووش بریندار دەکات کە وینەیان بڵاو نەکەنەوە چونکە دیارە لای ئەم بەڕێزە بەرهەم هێنان تەنها بۆ لاو بێت ,دەنا هەر کەس خاوەنی بەرهەم و ناو بوو لە ناو ناوەندیکدا پیویست خوینەریشی بیناسێت . لە هەمان کاتدا ئەم مرۆڤە دوو فاقیە بە ناو راستەقینەکەی خۆییەوە چەندین وێنەی بڵاو بووەتەوە (پێشم خۆش نیە هیندەی بشکینم سەرجەم ئەو وینانە لێرەدا دووبارە بڵاو بکەمەوە ), جگە لەوە تەنها مرۆڤێك بە هۆی ناشیرینیەوە یاخود قۆز نەبوونەوە وەکو خۆی دەریبریوە , حەز بە بڵاو کردنەوەی وێنەی خۆی ناکات کە هەست بە کەمی بکات ز هەست بە کەمی کردنیش نەخۆشی دەروونیە .

وا بزانم ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئەم بەرزە نووسەرە ساختەتان پێ بناسێنم کە دەڵێ من تەنها خوینەرم نووسەر نیم , لە دانیمارك دەژیم و ناوم سەلامی حەمە رەشە و بە تەمەنم و قۆز نیم بۆیە وینەی خۆم بڵاو ناکەمەوە .

ئەم بەرێزە ناوی (ف . ه ) یە _ هێشتا هەر نامەوێ بیشکێنم و ناوی تەواوی بدەم گەر ناچار نەکرێم _ سێ بەرهەمی چاپکراوی هەیە , بەرهەمێکی شانۆ , کورتە چیرۆك , شانۆیەکی منالانیش ,بەرهەمێکی وەرگیراویش بە ناوی گۆێ بگرە عەبدول سەمیع . لە بنکەی ئەدەبی گەوێژ کاری دەکرد هەتا کوردستانی بە جێ هێشت , تەمەنی لە نیوان 37–38 ساڵە , لە کۆلێژی ئاداب نەبووە , یانەی مامۆستایانی تەواو کردوە و بۆ ماوەیەك مامۆستا بووە و بۆ ماوەیەکیش سەرقاڵی خزمەت کردنی منالانی سەر شەقامەکان بووە , لە دانیمارك دانانیشێت و دانیشتووی ئەمەریکایە . گەر تۆی خوینەریش دەتەویت ناوەکەی بزانیت ئەوا سەیری ناوەکەی لە دۆکۆمێنت پرۆپرتیزدا بکە کە لە سەر ئەو فایلەی لە نامەکەی خوی دیارە کە بۆی

ناردووم له گەڵ ووشه جوانەكانيدا بۆت دەردەكەوێت ناوی راستەقينەی ئەم نووسەرە چيێه كه له (Author) ئاتۆردا دەردەكەوێت .




ئەم پی دی ئێفه هەر وا له كوردستان پۆستيش بلاو كرايەوە , بەڵام پاشان له نووسينی دووەمدا ئاتۆری پی دی ئێفەكەگۆڕاوە و كراوە بە سەلامی حەمە رەش , جا نازانم كوردستان پۆست خۆی ئەوەی بۆ كردوە و ئاگاداريان كردووەتەوە كه به ئاشكرا ناوی نووسەرە له ئەمەريكا ژياوەكەی دياره نەك خوێنەرەكەی دانيمارك . يان خوينەری دی بۆيان ئاشكرا كردوە كه ناوە راستيەكەی زۆر به ئاشكرا دياره , بەڵام خۆشی له بەختی خۆی بۆ ناوە ساختەكانی داهاتووی فێر بووە چی بكات , گەرچی دەيان رێگەی دی هەيه بۆ دۆزينەوەی . بۆ دروستی ئەم قسەيەشم با خوێنەر هەردوو ئەو فايله ببينێت كه كوردستان پۆست بلاوی كردووەتەوە له نێوان دوو رۆژدا ئەوەيان كه يەم جار بلاو بووە ئەمە ناونيشانەكەيەتی و خوينەری دەتوانيت ئاتۆرەكەی به ئاسانی بخوێنێتەوە و بزانيت هەمان كەسە كه فايلەكەی لای من و دەنگەكان و نامەكانی و پن ئەمبەری كۆمپيوتەرەكەی هەيه. كه من فايلی بلاوكردنەوەی يەكەم رۆژيش و دوا جاريشم لای خۆم پاراستووە , وە خەڵكی ديش هەر پاراستوويانه و بەو راستيەيان زانيوە .

[051115 selam_heme_resh.Pdf]ناوی فايلەكه




**با خوێنەر لە رۆژێك دواى ئەوەى فایلى نووسینى دووەم بنوارێت كە هەر بە هەمانە ناوەوە لە دۆكۆمێنت پیرەپرتیز پارێزراوە بەڵام بە ناوى ئاتۆرێكى جیاواز زۆر زانیارى دى چوون یەك دەخاتە روو , كە بە هەمان ناوە و كوردستان پۆست فایلەكەى پاراستوە و تەنها ژمارەى** 5**ى كردوە بە** 9 , **فەرموو ببیینن**

[051119 selam_heme_resh.Pdf]




بۆ ئەوەی خوێنەریش لە ناوە ساختەکان و فایلە ساختەکانی نووسەرانی ئەم سەردەمە تێبگەن , با بچن هەردوو فایلە نووسراوەکانی ئەم نووسەرە ساختە بکەنەوە و کە لە خوارەوە لینکەکانیم داناوە , یان لە کوردستان پۆست رۆژانی 15ی 11 و 18ی 11 بکەنەوە و بچنە فایل و لەویش دۆکۆمینت پرۆپرتیز هەڵبژێرن و خۆیان ئەو راستیە تاقی بکەنەوە , گەر لەویش ئەو فایلە گۆڕا لە ساتی بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتەوە . ئیمیلەکەم لە سەرەوەیە هەر خوینەرێك پەیوەندیم پیوە بکات فایلەکان لای من پارێزراوە , لە گەل نامەکەی خۆی و ئەو فایلەش لەو نامەدا بۆی ناردووم بۆ دەنێرم , بۆ ئەوەی بزانن دەروونی چۆن لە ناو نووسەراندا هەیە .

ئەمە لە کاتێکدا ئەم نووسەرە ساختە خۆی لە (ئەمەریکا ) و هاوسەرەکەشی کە لە کەندا دەژی تا ساتی بڵاوکردنەوەی ئەو نووسینانەی زۆر هاوڕێ بوون ,گەر بە ناوی خۆییەوە هەر رەخنەیەکی بگرتبا بە دڵنیاییەوە لێم قبوڵ دەکرد , تەنانەت گەر هاوریەتیشی بزانیبا بە نامە ئاگاداری دەکردمەوە کە ئەو بابەتە وەرگیردراوە و پێویستیشی بەو سوکایەتی و ناوی ساختە و فایلی ساختە دروست کردنەش نەدەکرد و خۆشی نەدەخستە ئەو هەڵویستە ناشیرینەوە .ئەوەش یەکەم بابەت و دوا بابەتیش نابێت چەند جارێك وەربگیردرێت .وەکو گووتم ئەمە منی نەحەپەساندوە چونکە ئەم جۆرە هەڵویستەم بینیوە پێشتر , بەلام بەرێزان کاك گۆران و شلێر خانی هاوسەری تووشی حەپەسانکردبوو , بەوەی کەسێك لە سەردانیدا بۆ کەنەدا , لە ریگەی کەسێکەوە چووەتەماڵیان و سەردانی کردوون و خۆی بە هاوڕێ پێ ناساندوون, بەلام کە دەگەرێتەوە لە ژێر ناوی جیاوازدا سوکایەتیان پێ دەکات . ئەم هەڵوێستە ئەو کەسەشی خەجاڵەت کردوە کە ئەم کەڵە نووسەرەی بردوەتە لایان و پێی ناساندوون .

سەیر لەوەدایە من بەم نامەی خوارەوە ئاگادارم کردوەتەوە کە دەیناسم , تەنها لە بەر خاتری ئەوەی هەڵەی لەوە گەورەتر نەکات ,کە کردی , هەرچیەکی هەیە یان بە ناوی خۆییەوە نا بە شێوازێکی بە ئەدەبانە دەری بڕێت , لە دنیای رۆشنبیری و ئەدەبدا هەمیشە رەخنە هەبووە , بەڵام رەخنەی بونیادنەر پێ دەگووترێ رەخنە نەك جنیوی بازاری و تۆمەت و درۆ و ساختە , لە گەل ئەوەشدا تووشی مەسەلی نیرە و بیدۆشەت بکات .

Babe gian bru le bry awey kary fashl bnusit u sukayety bkeit bew zmane bazareie , hewl bde shanuky bash derhinit ,nek tenha be wehm xut be shanu nus bzanit...xelky gunahish be nawy xwazrawewe denusit...Emelikish drustke bu muhaterekant ke le hy mruviky kaml bchit nek tencerik

Kaziwe Saleh

From: <I>"ali sab" <iloveyou_sab@hotmail.com></I><BR>To: <I>kazewas@hotmail.com</I><BR>Date: <I>Wed, 16 Nov 2005 01:11:01 +0300</I><BR>>slaw xoshki barez kazewa xan, awa cherokiky ewa la dangakan blaw <BR>>krawatawa ka ewa tarjomatan krdwa, balam cherokaka dzrawa, nazanm <BR>>ewa agadrn ean na. bwea pem xosh bo agadrt bkam.<BR>>bchora kurdstan post, ( daean la new kazewa salh u abdul rahmani <BR>>haji marfda ) awa cherki mama<BR>>hajema.boea agar xot ba arazoo wat krdwa dabet dawai ly

با بەرێز (ف .ه ) ی بە سەلامی حەمە رەش بوو بزانێت , ئەو بەڵگانەش نەبوایە دەمزانی کە تۆ هاوریەکی کۆنی نەك خوینەرێك , چونکە خوینەر و ئەوانەی خوینەری بەرهەمی من بن , بەو ئیمیلە کۆنەوە پەیوەندیم پیوە ناکەن کە تۆ نامەت بۆ نووسیوە .تەنانەت هەڵەکانیشت بە هەڵەی گەورەتر بە مەزەندەی خۆت چاك نەکردایە , هەر دەزانرا کە کێییت , چونکە دەیان رێگەی دی هەیە بۆ دۆزینەوەی ئەم کارە ساختانە .خۆ نەخوازە ناشڵیت ئەوە سەلامی حەمە رەشی خوینەر لە دانیمارکەوە دەهاتە ئەمەریکاو کۆمپیوتەرەکەی تۆی بەکار دەهێنا و ئەوانەی دەنووسی و دەگەرایەوە دانیمارك

من پاش نامەی یەکەم ویستم نامەیەکت بۆ بنووسم بۆ ئیمیلی ناوە ڕاستەقینەکەی خۆت و پێت بڵێم جاریکی دی پێویست ناکات بەو ئیمیلە کۆنە نامەم بۆ بنیریت و بە ناوی خوازراوەوە جنیو بدەیت بەم ئیمیلە بۆم بنووسە , لە گەڵ ئەوەشدا دڵم نەهات و زۆرم پێ حەیف بوو مرۆڤ نرخی خۆی تا ئەو ئاستە دابەزێنیت و لە گەڵ خۆمدا گووتم هەڵەیەکی کردووە یان پەیوەندیم پێوە دەکات داوای لێبووردن دەکات , یان بێ دەنگی لێ دەکات و خۆی لەوە ناشیرینتر ناکات .

بەداخەوە هەموو جیهان بەهرەمەندن لە پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆژیا و بەو شێوەیە بە کاری دەهێنن کە سوود بە کۆمەڵی خۆیان و پیشە و بەهرەکانی خۆیان بگەیەنن . بۆ ئەوەی خزمەتی فکری و مرۆیی خۆیانی پێ بکەن. کۆمەڵی کوردی نەبێت بەکاری دەهێنن بۆ ئەوەی سوکایەتی بە ژنەکانی ناو کۆمەڵەکەیان بکەن , یان بە جۆرەها ناوی ساختەوە تۆمەت و جنیویان پێ بگەیەنن , یان کە ژنانمان بە بازاڕدا ڕۆشت بە مۆبایلەکانیان وێنەیان بگرن و پاشان سوکایەتیان پێ بکەن . ئەو جۆرە هۆشیاریە بۆ خەڵکی نەخوێندەوار بە هەر حاڵ , بەڵام بۆ ئەو کەسانەی تۆ چاوەڕوانی ڕاستکردنەوەی ئەو بارە نالەبارەیان لێ دەکەیت , پاش ساڵانێك ژیانی وولاتانی دیموکراسی و لە بەهای مرۆڤ تیگەشتوو , بەو شێوەیە کە دەبینین مامەڵە لە گەڵ ساکارترین بابەتدا , تەنها مرۆڤ وا لێدەکات بڵێت کۆمەڵی کوردی هەندێ نەخۆشی تێدایە هێشتا زانستی دەروونیش نەیدۆزیوەتەوە .

سەلامی حەمە رەش گلەیی دەکات کە من رەق بووم لە وەڵام دانەوە ودەستگیرۆیم نەکردوە بەو دوو بابەتە ببێت بە نووسەر .دیارە مەبەستی ئەوەیە ببێت بە نووسەرێك بە ناوی خۆییەوە و نوووسەرێك بە ناوی ساختەش بۆ هەڵڕشتنی

دەروونی , چونکە زۆربەی مرۆڤەکانی ئێمە ساختەن و هەڵگری شوناسێکی ساختەن نەك ئەوەی کە خۆیان هەن , بۆیە کاتێك دەیانەوێ بە کەسیەتیە ڕاستەقینەکەی خۆیان مامەڵە بکەن , پێویستیان بە ناوێکی ساختەیە . وە منیشی نەناسیوە دەنا دەیزانی من هیندە دژی ئەو جۆرە ئاکارەم نەك دەستگیرۆیی ناکەم بەڵکو بۆ ریشە کێش کردنیشی تیدەکۆشم .

لە بری ئەوە فەرموو وەرە پێشێ و ڕاستگۆ بە , هەر وەکو لەم نووسینەشدا دەستگیرۆییم کردوویت زۆر شت هەیە نەمگووتوە و زۆر بەڵگە هەیە نە مخستوەتە ڕوو , دەستگیرۆیت دەکەم , کە سەلامی حەمەڕەش و سەرجەم کەسیەتی ساختەکانی دی لە دەروونی خۆتدا بکوژیت و مرۆڤێکی جوان بیت , ئەو مرۆڤەی کە دەزانیت مرۆڤایەتی خزمەت کردنی منالێ واتای چی دەگەیەنێت . ئەو مرۆڤەی هەندێ خۆی رۆشنبیر دەکات و خۆی لە ڕەگەزپەرستی و جیاوازی رەگەزایەتی ڕزگار دەکات و ڕێزی ژن وەکو مرۆڤ دەگرێت . مرۆڤی گەورە دەزانێت دان نان بە هەڵەدا چاکەخوازییە ...تۆش بە دانان بە هەڵەی خۆت و کوشتنی سەلامی حەمەرەش و ناوەکانی دی ناخت دەتوانیت مرۆڤ بیت ...دە وەرە با مرۆڤ بین , بۆ خۆشەویستی مرۆڤ کات تەرخان بکەین و کاتی خەڵك ومنیش بەم چەلەحانیانەوە مەکوژە , چونکە ئامانجی گەورەترم هەیە .

من نازانم هەندێ نووسەر بۆچی وە بۆ کێ دەنووسن ؟ ئامانجیان چیە ؟

ژیان زۆر تابلۆی شاعیری جوانی تێدایە کە پێویستە پاڵ بە مرۆڤەوە بنێت , مرۆڤانەو شەریفانە هەست و کەوت بکات و بجوڵێتەوە , گەر خۆشی پێچەوانە بێت , ساکارترینیانت وە بیرت دەهینمەوە , کاتێك هەر یەك لە ئێمە بە شەقامە جەنجاڵەکانی سلێمانیدا تیدەپەڕین , ئەو ڕێزەی مرۆڤێکی بە ساڵاچووی نەخویندەوار و نەناسیوە لە سەر شەقامەکان لێ دەگرتین و تەنها لە بەر ئەوەی لفێکسێك و هەندێ کتێبمان لە بن هەنگڵدا بوو , بە مامۆستا (کە پیرۆزترین ووشەیە , گە ڕێزی واتا کەی بگیریت ) بانگیان دەکردین , مامەڵەکەی تایبەتیان دەکردین تەنها لە بەرخاتری کتبەکانی دەستمان , چونکە لای ئەوان کتێب مۆراڵ و بەهای مرۆیی دەگەیەنێت و ناشزانن نووسەرەکانی هێندە غەدارانە لە گەڵ ووشە و کتێب و مرۆڤدا مامەڵە دەکەن .

گەر غەمی کتیبخانەی کوردییتە , لە میانەی ئەو هەستە پاك و مرۆییە ئەو پیرە نەخوێندەوارانەوە , وێنەیەکی جوان و بێ گەرد و شاعیری ئەو کۆمەڵە وەربگرە کە زیاتر لە ناوەندەکەی خۆت ڕێزی تۆی مامۆستا و کتیب لە بن باڵ و پێنووس بە دەست دەگرێت , وینە و ناوە ناشیرینەکان بکوژەو ببە بەو مرۆڤەی تیکۆشانەکانی تەنها و تەنها بۆ جوان کردنی مرۆڤە نەك قێزەون کردن و ناشیرینکردنیان .

بابەتە پەیوەندیدارەکان

http://www.kurdistanpost.se/nuseran/s/051119selam_heme_resh.pdf

http://www.kurdistanpost.se/nuseran/k/kaziwe_salih/051117.pdf

http://www.kurdistanpost.se/nuseran/s/051115selam_heme_resh.pdf

**لە پەراوێزدا نامەیەکی کورت بۆ کاك عەبدوڵا سلێمان**

بەڕێز نووسینەکەتم خوێندەوە و ویستم تەنها بە نامە وەڵامەت بدەمەوە نەك بە نووسین , بەڵام لە بەر نەبوونی ناونیشان لە سەر نووسینەکە ناچار بووم ئەم چەند دێرە بنووسم . دەست خۆشی لە جەنابت دەکەم بۆ نووسینەکەت , بەڵام

خوازیاربووم هەندێك لۆژیکیانە لە خاڵێکت بنواڕییا , کە پێت وایە ئەوەی ئاگای لە ماڵپەرەکانی ئنتەرنێت نەبێت بیٚ ئاگایە لە دنیای رۆناکبیری و ئەدەب ,ئەوەش کارەساتە خەڵکێك تەنها ئاگای لە ماڵپەرەکان بێت رۆشنبیر بێت . بیرت نەچێت ئەو هەموو بابەتە ڤێزوونەی لە ماڵپەرەکانەوە دەردەکەون وای لە نووسەر و خوێنەری جدیش کردوە کە بە تەواوی لە خوێندنەوەیان دوور بکەوێتەوە , دوایش بە هیچ شێوەیەك لۆژیکی نیە مرۆڤێك هەرچیەك بێت ئاستی رۆشنبیری و تەنانەت تەمەن و ئەزموونیشی لە ناو ناوەندی رۆشنبیریدا ئاگای لە هەموو ئەو بابەتانە بێت کە بڵاو دەکرێنەوە . نازانم ئەو کەسانەی کە لە ماڵەوە دانیشتوون و پارەی حزب یان سوشیالیان بێتە بەر دەست و کاریان تەنها و تەنها خوێندنەوە بێت ئەمە تا رادەیەك نەوەك حوکمی رەها , دەکریٚ ئاگای لە زۆربەی بابەتەکان بێت . بەڵام جەنابت بە زمانێکی زۆر ڕەها حوکمی بیٚ ئاگایم بە سەردا دەیت , وا بزانم بۆ پێنووسی جدی حوکمی ڕەها پەسەند نیە .

مەرج نیە من ئاگام لە کاروباری کلاورۆژنە بێت , دەکریٚ کلاوڕۆژنە هەتا جێگەی خۆی گرتووەو بە تەواوی دامەزراوە لە چەندین ڕووەوە هەوڵی منی پێوە دیار بێت و لە دەرەوەی کۆششی من نەبووبێت , بەڵام پاش جێگیر بوونی تەواوی من هەرگیز دەستم لە کاروبار و بارو تازە کردنەوەشی وەرنەداوە هەتا ئاگام لە سەرجەم بابەتەکانی بێت . دوای کلاورۆژنە لە ئەمەریکا تازە دەکرێتەوە و من لە کەنەدا دەژیم , ئەویش وەکو ماڵپەرەکانی دی دەخوێنمەوە .کلاورۆژنە و دەنگەکان و کوردستان نێت هەر سێکیان لام ئازیزن و رۆژانە تەنها ئەوەم پێدەکرێت سەیرێکی تایتلی بابەتەکانیان بکەم . وا بزانم بۆ خەڵکانی وەکو ئێمەش کە خویندن و کارکردن و بارەکانی دی ژیان یەك کاتژمێری لە رۆژێکدا بۆ هێشتووینەتەوە , تەنها بواری سەیر کردنی تایتڵەکانمان ماوە .

من سوپاسی جەنابت دەکەم کە خوێنەری بابەتەکانی منیت . بەڵام مەرج نیە من خوێنەری بابەتەکانی جەنابت بم , ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ خۆم ,نەك بابەتەکانی تۆ . کە من جەنابتم وەکو شاعیر ناسیوە و بۆ شیعریش حەزدەکەم گویٚ لە خوێندنەوەی بگرم , نەك خۆم بیخوێنمەوە ,تەنانەت هەندیٚ جار خۆم شیعرم نووسیوەو هەرگیز نەگەڕاومەتەوە سەری , ئەمەش ئاساییە و پەیوەندی بە حەز و خواستی مرۆڤەوە هەیە بەرانبەر ژانرە ئەدەبیە جیاوازەکان . بۆیە ئەو کاتە کەمەی کە هەمە زیاتر بەو بابەتانەوە خەریك دەکەم کە بابەتی کۆمەڵایەتی رۆژن ,خۆم لە شیعر خوێندنەوە دەبوێرم , هەر ئەوەش وایکردوە , بە داخەوە ئاگام لەو بابەتەی جەنابت نەبێت . بە تاییەت کە ناوی چیرۆکەکەش تەواو جیاوازە ,بۆیە تەنانەت وەکو تایتڵیش لە لام جێگیر نەبووە . دەنا هەرگیز , سەد دەر سەد گەر ئاگام لە وەرگێڕانی جەنابت ,یان هەر کەسێکی دی بوایە ئەو بابەتە وەرنەدەگێڕا . هەر هەمان بۆچوونم بۆ جەنابیشت هەیە .پێم وانیە ئاگات لە وەرگێڕانی پێش خۆت هەبوایە وەردەگێرا . بەڵام پەشیمانیش نیم لە وەرگێڕانی چونکە پاش خویندنەوەی چیرۆکەکەی جەنابت , تێگەشتم کە وەرگێڕانەکانمان جیاوازی زۆری هەیە . دەکریٚ ئەوانی دیش هەروابن , گەر ڕاست بێت کەسانی دیش وەریانگێڕابێت .

دڵنیابە هەتا ئەو بابەتەت نەنووسی ئاگام لە وەرگێڕانی ئێوە نەبووە . گەر وەرگێڕانەکەی جەنابتم دەبینی تەنها چەند تیٚ بینیەکەم لە سەر تەکنیکی وەرگێڕانەکەو ناوەکەی دەدا کە پاش خوێندنەوەی لە لام دروست بوو , ئەویش بە نامە نەك بە نووسین .ئێستاش دەست خۆشیت لیٚ دەکەم و خوازیارم ئەو ناوە بگۆڕێت بە ووشەیەکی گونجاوتر , چونکە ووشەی Ninny لە ناوی چرۆکەکەدا" ناوە " بە پێی هەمبانە بۆرینەش واتای " لەلە " دەکات , هەروەها لە زمانی رۆژانەدا پێی دەگووتریٚ دایەن , ناوی دایەنگەش کە لە شارەکانی کوردستاندا هەیە , هەر لەو دایەنەوە هاتووە . بە تاییەت نووسەر هەر لە یەکەم دێڕەوە دووبارەی دەکاتەوە کە کە ناردوویەتی بە شوینی نانی مناڵەکانی کە لەلە کە دەگرێتەوە , ناکریٚ بڵێت ناردویەتی بە دوای گێلی مناڵەکانیدا.بەڵام لە بەشی بەر لە کۆتاییدایشدا کە بە دایەنەکە دەڵیٚ Are you ninny ? ئەمەیان سیفەیە و گێل یان گەوج دەکات ..

خۆزگە ناوی پارێزگاری مناڵەکانیشت هەر دەگۆڕی بە ووشەیەکی دی وەکو لەلە , دایەن , فێرکەر , تەنانەت خزمەتکاری مناڵەکانیشم هەر دەبێت , بەڵام پارێزگار هەندێك واتاکە دوور دەخاتەوەو ووشەیەکی گشتگیرە .

پێم خۆش بوو لەو وەرگێڕانەی خۆت ئاگادارت کردمەوە چونکە پێ دەچێت ئەو چیرۆکە کە چەند کەسی جیاواز وەرگێڕاوە بۆ ئینکلیزی , هەندێ گۆڕانکاری ساکاریشیان تێدا کردبێت وەکو هەندێ ووشە , یان لە کۆتاییدا لای من رستەیەك هەیە لای جەنابت نیە ...تد . سەرجەم ئەمانە ئەوە دەگەیەنن هەردوو وەرگیرانەکە سوودی جیاوازی خۆیان هەبووە .چونکە سەرچاوەکانمان جیاوازە و من ئەو سەرچاوەی جەنابتم نەبینیوە بە داخەوە لێرەش لە کتبخانە جارێ دەستم نەکەوتوە .

جارێکی دی دەست خۆشیت لێ دەکەم و خوازیارم بەردەوام بیت لە وەرگێڕانی چیرۆکەکانی ئەو کەڵە نووسەرە ,بە تایبەت کورتە چیرۆکەکانی . لە ناو کۆمەڵەی چیرۆکە وەرگێراوەکانیدا بە ناوی "

Thirty-Eight New stories……Anton Chekhov….Translated by Peter Constantine

) لە لاپەڕە 111 دا , بە نیازی وەرگێڕانی بووم ( O Women , Women چیرۆکێکی هەیە بە ناوی

, هەندێ جاریش لای خۆمەوە دەمگووت خۆزگە شاعیرێك وەریدەگێڕا, چونکە دوو کۆپلە شیعری ناسك لە ناو چیرۆکەکەدایە و دڵنیام شاعیرێك جوانتری وەردەگێڕێت , ئێستاش خۆشبەختانە بەڕێزتان , لە لایەك شاعیرن و لە لایەکیش بەرهەمی چیخۆفتان وەرگێڕاوە . خوازیارم ئەو چیرۆکەش بکەن بە کوردی .جا با پاش وەرگێڕانی هەر پێت بڵێن دزیت کردوە .

ڕێزم پەسەند بفەرموو .